# رونكردنەوەيەک لەوەزارەتی ناوخۆ

دەربارەی سەرجەم ئەو نوسینانەی کە لەسایتە جیاجیاکاندا لەسەر روداوەکەی کەلار بڵاوکراونەتەوە وەزارەتی ناوخۆ رونکردنەوەیەکی رەسمی وەکو وەڵامێک بۆ هەموو نوسین و لێدوانەکان بڵاودەکاتەوە

دوا بەدوای رووداوەکەی کەلار لێرەو لەوێ لەسەر روپەڕی چەند سایتێکی ئینتەرنێت کۆمەڵێک وتارو بابەت بڵاوکراونەتەوە هەریەکە لەوانە بەپێی بەرژەوەندی و لەروانگەی ئاراستەی ئایدۆلۆجی و فکری خۆیانەوە روداوەکەیان داوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە بەشێکیان دەکرێ هەندێک تێبینی باشی لێوەربگیرێت و سوودی هەبێت بۆ کاری داهاتوی حکومەت و دامودەزگاکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆچۆنیەتی مامەڵەکردن لەتەک ئەو قۆناغە نوێیە دیموکراسییەی کە لە کورسداتاندا دەستیپێکردوە، وەلێ بەداخەوە بەشێکی تر لەو نوسینانە سەرەڕای ئەوەی کە لەرووی دەربڕین و بینای رستەو تەکنیکی نوسینەوە هەرگیز ناچنە خانەی نوسینێکی جیدیەوەو زۆر نامەسئولانەو بێ ئینسافانە شەلم کوێرم نابوێرم بەدارو بەردا هاتونەتە خوارەوە نەک تەنها ئەوە بەڵکو درۆی وا شاخدار هەڵبەستراوە کە نمونەی نییە وەک ئەوەی کە بەرێز عەلی مەحمود محەمەد لە نوسینەکەیدا بەناوی (کەلاری ئەمجارەو کەلارەکانی داهاتوو)دا هاتووە دەڵێ وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی بڕیارێکی کۆنەپەرستانەی دەرکردوە بەوەی هەر فەرمانبەرێک بەشداری خۆپیشاندان بکات دەردەکرێت ئێمە نازانین عەلی مەحمود ئەم بڕیارەی لە کوێوە هێناوەو لەکام دوکان و هەراجخانە کڕیوەیەتی و هەروا بەهەرزان بەخوێنەری سادەو ساکاری دەفرۆشێتەوە دڵنیابن ئەو جۆرە قسانە پۆلێک ناکات و دەبێت لەکوێ هێناویەتی وەکو خۆی بیباتەوە. ئەوەی کەمێک بەویژدانەوە تەماشای کارەکانی وەزارەتی ناوخۆو هەڵسوکەوت و مامەڵەکانی بکات لەبەرامبەر روداوەکانداو بەتایبەتی رووداوەکەی کەلار زۆرباش ئەو راستییەی بۆ روندەبێتەوە کە نەک وەزارەتی ناوخۆ رێپێوان و خۆپیشاندانی قەدەغە نەکردوە بەڵکو بە ئاشکرا لەرێی راگەیاندن و لێدوانەکانەوە پشتیوانی خۆی بۆ داواو داخوازییەکانی خەڵک راگەیاندووەو هەموو کردەوەیەکی توندوتیژی و بەکارهێنانی چەکی بە یاساغ زانیوەو سزای توندیشی بۆ ئەو کەسانە دیاریکردووە کە سەرپێچی دەکەن لە بڕیارەکە وە لە هەمانکاتدا ئیدانەی کارە نامەدەنییەکانیشی کردووە کە لەلایەن چەند کەسێکی نامەسئولەوە ئەنجام دراوە.

لە دانیشتن و کۆبونەوەکانی وەزیری ناوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی رێپێوانەکەدا بە ئاشکرا هەڵوێستی راست و دروستی حزب و حکومەتی راگەیاندووە کە بەهیچ کلۆجێ دژایەتی و ئاستەنگی بۆ رێپێوان و دەنگی نارەزایەتی خەڵک دروست ناکرێت بەڵکو تەنها رێگا لەکاری توندوتیژی و نامەسئولانە دەگیرێ کە خودی هەڵسوڕاوانی رێپێوانەکەش ئەو حاڵەتەیان

مەحكوم كردووە. ئەوانەی كە دەیانەوێت زیاتر راستییەكان بسەلمێنن بابچن لە نوێنەرانی رێپێوانەكەی كەلار بپرسن بزانن هەڵوێستی وەزارەتی ناوخۆو خودی وەزیرەكەی چۆن بووە.

وەزارەتی ناوخۆ سەرهەڵدانی دیاردەی رێپێوان و خۆپیشاندان لە كۆمەڵی كوردەواریدا بەدیاردەیەكی نامۆی تەماشا ناكات و پێی وایە ئەمە سەرەتای قۆناغێكی نوێی دیموكراسیەو پێویستە لەسەر حزب و دەسەلات مامەڵەیەكی دروست و بابەتیانەی لەتەكدا بكات. بۆ ئاستی روبەڕووبونەوەش پێویستە مامەڵەیەكی شارستانیانە بكات و رەچاوی پرەنسیپەكانی مافی مرۆڤ بكرێت. هەربۆیە چەند هەفتەیەك پێش رووداوەكەی كەلارو كۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت بریاردرا هێزێكی مۆدێرنی بێ چەك بۆ مامەڵەكردنی ئەو حاڵەتانە دروستبكرێت لە خەڵكی خوێندەوارو هۆشیار بۆ ئەو مەبەستەش هەنگاوی بەكردەوەی ناوەو لە نزیكترین كاتدا ئەو هێزە پێك دێت.

جگە لەوەش چەندین بریارو رێنمایی دەركردووەو بۆ سەرجەم دامودەزگاكانی كە پێویستە مامەڵەكان لەسەر بنەمای شارستانیانە بێت و هیچ داواكاری و مۆڵەتێك بۆ رێپێوان و خۆپیشاندان رەتنەكرێتەوە.

هەر ئەمەیە راستیەكانی پێش روداوەكەی كەلارو دوای روداوەكە نەك كەسانێك كە چاویلكەی رەشیان لەچاو كردووەو بێ ویژدانانە راستیەكان چەواشەدەكەن. داوا لەو خەڵكانە دەكەین باشتر روداوەكان بخوێننەوەو چیدی دیكە جەوهەری راستیەكان لای خەڵكی بەهەندێك رستەی ناسازو بریقەدار چەواشە نەكەن و نەی شارنەوە. ئەوەشی دەیەوێت مەیدانی حەقیقەتی بۆ دەركەوێت با بێت بەبریارو راسپاردەكانی وەزارەتدا بچێتەوەو خودی نوێنەرانی رێپێوانەكەش بدوێنێ ئێمە وەكو وەزارەتی ناوخۆ ئەو پەڕی ئامادەییمان تێدایە بۆ ئەوەی بەشێوەی گفتوگۆی كراوە لەگەڵ هەركەس و لایەنێك یاخود هەر كەناڵێكی میدیای جیهانی و لۆكاڵی دا دانیشتن و چاوپێكەوتن بكەین.

وەزارەتی ناوخۆ

2005/9/17